# ئەندێشەی سیاسیی ئەمین زەکی بەگ

## (پێگەی دەوڵەت لە ئەندێشەی سیاسیی ئەمین زەکی بەگدا)

د. ئیسماعیل مەحموودی
(هەورامانی ڕۆژهەڵات کورستان)

(١- ٢)

**پوختەی توێژینەوە**

پاش زاڵبوونی «لەفزی تورک و تورانی» لە «جێگەی تەعبیری عموومیی عوسمانی» و بە واتایەک زاڵبوونی گوتاری دەوڵەت- نەتەوە لە ئیستەنبوڵی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەمین زەکی بەگیش، هەست بە«غیرەت» و «غرووری قەومی» دەکات و بیر لە ژیاندنەوەی شوناسی کوردی لە ڕێگەی خوێندنەوە و نووسینەوەی مێژووەوە دەکاتەوە.

ئەمین زەکی بەگ سەرەڕای هەستکردنی بە «غرووری قەومی»، لایەنگری لە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، نە لە کاتی نیشتەجێبوونی لە ئیستەنبوڵ و نە لە بەغدایش ناکاتەوە و لەم ڕووەوە، ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە ببێتەوە، کە لەبەرچی ئەمین زەکی لەو سەردەمەدا، لایەنگریی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبووە؟

ئەم توێژینەوەیە، پێی وایە ئەگەرچی ئەمین زەکی بەگ، ویستی دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوە وەک مافێکی بنەمایی و سروشتی پێناسە دەکات، بەڵام جیا لە کاریگەریی گوتاری عوسمانیخوایی و بەشداربوونی لە سیستەمی دەسەڵاتدا، ئاماژە بە «پێنەگەیشتن»ی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی وشیاریی قەومی و گەشەی فەرهەنگی و ڕێبەرانی شارەزای سیاسەت دەکات و بەم بۆنەوە، لەو سەردەمەدا

لایەنگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناکات و لە بەرانبەردا، پێگەیاندنی کۆمەڵگەی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی قەومی، وەک ئەرک و ئەولەویەتی سەرەکی خۆی پێناسە دەکات.

**وشە سەرەکییەکان:**

ئەمین زەکی، ئەندێشەی سیاسی، دەوڵەتی کوردی، پێنگەیشتن، وشیاریی قەومی.

## پێشەکی

لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩) و سەرەتای سەدەی بیستەمی ئیستەنبوڵ، بە تایبەت سەردەمی نیشتەجێبوونی ئەمین زەکی لە ئیستەنبوڵی ساڵەکانی (١٨٩٩ - ١٩٢٤)، ئەو شارە پێگە و بایەخێکی تایبەتی هەبوو. لەو سەردەمەدا، جیا لەوەی ئیستەنبوڵ شوێنی کۆبوونەوەی سیاسەتوانان و مونەوەرانی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بوو، ناوەندی تازەگەری و چاکسازی (١) مونەوەرانی عوسمانی لەلایەکەوە و مونەوەرانی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە بە کاریگەری لە ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی لەلایەکی دیکەوە بوو.

هەر لەم ئاراستەیەدا، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری نیشتمانی کورد سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە کاربەدەستانی کوردی سەر بە دەسەڵاتی عوسمانیش لەم شارەدا نیشتەجێ بوون و گرنگتر لە هەمووی بە هۆی بانگهێشتی میرانی کورد و نیشتەجێکردن و کردنەوەی یەکەم مەکتەبی عەشایەری (٢) لە سەر دەستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ - ١٩٠٩) لە ساڵی (١٨٩٢)، ئیدی



**ئەمین زەکی بەگ**

ئیستەنبوڵ بوو بە ناوەندی سەرەکی تازەگەری و مافخوازیی خوێندەواران و سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی کورد و هەر لەم شارەدا یەکەم چینی مونەوەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەداری کورد، سەریان هەڵدا (ئەلا کۆم، ٢٠٠٥:٥٧)

ئەمین زەکی بەگ وەک عەسکەرێکی کوردی ئەو سەردەمەی ئیستەنبوڵ بە هۆی زاڵبوونی «لەفزی تورک و تورانی» لە «جێگەی تەعبیری عموومیی عوسمانی»، و بە واتایەک بەرجەستەبوونی گوتاری ڕەگەزپەرەستانەی تورکی و تورانی، ڕەگی «غیرەت» و«غرووری قەومی» (ئەمین زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ١) دەجووڵێت، بەڵام سەرەڕای بیرکردنەوە لە شوناسی کوردی و هەوڵ بۆ ژیاندنەوەی لە ڕێگەی خوێندنەوە و نووسینی مێژووەوە، نە تەنیا لایەنگری لە دەوڵەتی کوردی لەو سەردەمەدا ناکات، تەنانەت لە ساڵی ١٩٢٢ و لە کاتی ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، ڕاشکاوانە سۆزی خۆی لە ئاست دەوڵەتی عوسمانی پیشان دەدات و بەشداری دەسەڵاتی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقیش دەبێت.

ئەم توێژینەوە پاش ئاماژەدان بە پێشینەی

توێژینــەوەی بابەتــی ئەندێشــە و بەرهەمەکانــی ئەمیــن زەکــی، هەروەهــا ژیــان و ســەردەمی، دەیەوێــت بابەتــی دەوڵــەت لــە ئەندێشــەی سیاسیی ئەمیـن زەکـی بەگدا. بخاتـە بـەر بـاس و توێژینــەوە و لــەم ئاراستەیەشــدا، جیــا لــە باسـکردن لـە ڕەوتـی ئەندێشـەی ئەمیـن زەکـی، دەیەوێـت ڕوانگـەی سـەبارەت بـە دەوڵەتـی کوردی لــەو ســەردەمەدا ڕوون بکاتــەوە.

## میتۆدی توێژینەوە

بـۆ نووسـینی ئـەم توێژینەوەیـە لـە میتـۆدی شیکاری- ڕەخنەیی کەڵـک وەرگیـراوە و مەبەست لـەم میتـۆدە ئەوەیـە بـۆ گەیشـتن بـە مەبەسـتی سەرەکیی بابەتەکە، جیا لـە ڕەچاوکردنی سـەرجەم ڕەهەنـدە مێژووییەکانی ئـەو سـەردەمە، بە چاوێکی ڕەخنەگرانــەوە، خوێندنــەوە بـۆ بابەتەکــە، واتــە بابەتـی ئەندێشـەی سیاسـی دەکرێـت.

## پێشینەی توێژینەوە

سـەبارەت بـە بەرهـەم و ئەندێشـە و چالاکییـە عەسـکەری و پەرلەمەنتارییەکانـی ئەمیـن زەکـی بـەگ، دوو کتێـب، چەنـدان وتـار، یادداشـت و توێژینـەوە بـە دوو زمانـی کـوردی و عەرەبی، بڵاو کراوەتــەوە کــە لێــرەدا ئاماژەیــان پــێ دەدرێــت.

## بە زمانی عەرەبی

**کتێب:** سـەبارەت بـە ئەمیـن زەکـی بـەگ، دوو کتێـب بـە زمانـی عەرەبـی نووسـراوە کـە لێـرەدا ئاماژەیـان پـێ دەدرێـت:

**یەکەم:** عیسـام کازم (٢٠٠٢) ڕۆڵـی دوو نوێنەری کـورد لـە سـەردەمی مەلیک فەیسـەڵی یەکەم، (٣)

ئـەم کتێبـە لـە بنەڕەتـدا نامـەی ماجسـتێری (٤) نووسـەرە کـە بـۆ باسـکردنی ڕۆڵـی سیاسـی و کۆمەڵایەتــی دوو نوێنــەری کــوردی ســەردەمی مەلیـک فەیسـەڵ، بـە تایبـەت ڕۆڵـی ئەمین زەکی تەرخــان کــراوە.

**دووەم:** دارا جەمــال غەفــوور، محەمــەد ئەمیــن زەکــی و ڕۆڵــی سیاســی و ئیــداری لــە عیــراق (١٩٢٤ - ١٩٢٨).

ئـەم کتێبـەش هـەر نامـەی ماجسـتێری نووسـەرە کـە لـە سـێ بەشـدا، بـاس لـە ژیاننامـەی ئەمیـن زەکـی بـەگ و ڕۆڵـی سیاسـی و ئیـداری ئـەو لـە عیراقـی پێـش سـەربەخۆیی و پـاش سـەربەخۆیی دەکات و هەوڵەکانـی بـۆ سـەقامگیریی عیـراق و موئەسەسـاتیکردنی عیـراق، وەک خاڵـی ئیجابـی ئەمیـن زەکـی پێناسـە دەکات.

**وتـار:** تـا ئـەو جێگـەی نووسـەر ئـاگادار بێـت، بـە زمانی عەرەبی نزیکی چـواردە وتار و یاداشـت سـەبارەت بـە ئەمیـن زەکـی بـەگ نووسـراون، کـە هەموویــان، وەســفی کەســایەتی و مێژووەکــەی ئەمیـن زەکـی بەگـە (٥) (ڕەفیـق سـاڵح، ٢٠١٠: ٣٨٦ - ٢٧٩) تەنیـا توێژینەوەیـەک کـە بـە زمانـی عەرەبـی سـەبارەت بـە ئەمیـن زەکـی بـەگ نووسـراوە. ئـەوەی کەمـال مەزهـەرە.

کمـال مظهـر(٢٠١٠) مقدمـة الطبعـة الثانيـة مـن كتـاب (خلاصـة تاريـخ الكـرد وكردسـتان) (٦).

نووسـەر، پـاش نووسـینەوەی ژیـان، هەروەهـا ئامـاژەدان بـە سـەردەم و شـێوازی مێژوونووسـیی ئەمیـن زەکـی بـەگ، بـۆ یەکەم جـار ئامـاژە بە دوو تایبەتمەندیـی ئەندێشـەی سیاسـیی ئەمیـن زەکـی دەکات و لـەم بـارەوە دەنووسـێت:«ئەو بـڕوای بـە یەکێتیـی عیـراق هەبـوو و ڕاشـکاوانەش بـە هەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی لـە نووسـین و لێـدوان و گفتوگـۆ و دانیشـتنە گشـتی و تایبەتییەکانـی خۆیـدا، ڕای خـۆی دەربڕیـوە، لـە لایەکـی دیکـەوە ئـەو بـڕوای بـە خەباتـی چەکدارانـە نەبوو لەمەشـدا

لەگەڵ زۆربەی سەرکردە ناسراوەکانی کورد، لەوانە شێخ مەحموود و سەرکردەکانی بارزان پێوەندی نەبوو و دابڕابوو، بەڵکوو ئەو تەنانەت کوشتاری ڕۆژی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ ڕیسوا نەکردووە ..» (کەمال مەزهەر، ٢٠٠٦: ح)

جیا لە هەندێک کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوە، ئەم پرسیارە سەرەکییەش، بێ وڵام ماوەتەوە، بۆچی ئەمین زەکی لایەنگری دەوڵەتی کوردی نەبووە؟

بە زمانی کوردی: تا ئێستا سەبارەت بە بەرهەم و ئەندێشەی ئەمین زەکی، هیچ کتێبێک بڵاو نەکراوەتەوە و ئەوەی بڵاوبووەتەوە لە قەوارەی وتار و یاداشت بووە.

**وتار:** لە قەوارەی وتار و یاداشت و توێژینەوە، بێجگە لە نووسراوەکانی پیرەمێرد، ، نزیکی سی و دوو نووسراو (ڕەفیق ساڵح، ٢٠١٠: ٤٠- ١٣٢) سەبارەت بە ژیان و کەسایەتی و بەرهەمەکانی ئەمین زەکی بەگ نووسراون کە دەکرێت لە چەند بەشدا ئاماژەیان پێ بکرێت:

**یەکەم:** وەسف و سۆز، زۆربەی ئەم یاداشت و نووسراوانە لە لایەن نووسەران و مونەوەرانی سەردەمی ئەمین زەکی بەگ، بە تایبەت پاش مەرگی ئەو نووسراون و لە ڕیزی ئەم کەسانە دەکرێت، ئاماژە بە کەسانی وەک پیرەمێرد، عەلی کەمال باپیر، ڕەفیق حیلمی، .. و بە تایبەت عەلائەددین سەجادی بکرێت، هەڵبەت لەم نێوەندەدا نووسراوەکەی سەجادی، چونکە بە وردی باسی لە ژیانی ئەمین زەکی کردووە و دواتر بووەتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ توێژەرانی ژیانی ئەمین زەکی، تا ڕادەیەک تایبەتە.(سەجادی، ١٩٤٨: ٥٤ - ٦٤).

**دووەم:** ئاماژەیەکی خێرا بە بەرهەم، یان ڕەهەندێکی فیکری ئەمین زەکی و لەم بارەدا دەکرێت ئاماژە بە نووسراوەکانی سەباح غالب، محەمەد حەمە بۆر، مستەفا نەریمان و عیزەددین مەستەفا ڕەسووڵ بکرێت (ڕەفیق ساڵح، ٢٠١٠: ٩٦ — ١٠٦ — ١٤٤- ١٥٤)

**سێیەم:** ئاماژە بە هەڵە مێژووییەکانی ئەمین زەکی بەگ، دوو نووسراوەی جەمیل ڕۆژبەیانی و حیسامەددین نەقشبەندی لەم بوارەدا نووسراون.
(هەمان:لاپەڕەکانی ١٦٧- ١٨٢ و ٢٢٣- ٢٥٩)

**چوارەم، توێژینەوە:** دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە لەم بابەتەدا تەنیا یەک توێژینەوە نووسراوە، ئەویش لە لایەن خالید تەوەکولییەوە کراوە.

تەوەکولی، خالید (٢٠١٠) مۆدێلی ناسیۆنالیسمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ و پرۆژەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، سلێمانی، بنکەی ژین، لا ٢٥٩- ٢٧٤.

پرسی سەرەکیی ئەمین زەکی بەگ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چی بوو؟ تەعبیر، بۆچوون و هەڵسوکەوتی سەبارەت بەم پرسە چۆن بووە؟ توێژینەوەکەی تەوەکولی لە وڵامی ئەم دوو پرسیارە نووسراوە، توێژەر پاش پێناسەکردنی ئەمین زەکی بەگ وەک چالاکێکی سیاسی و کەسایەتییەکی پایەبەرزی کارگێڕی (تەوەکولی، ٢٠١٠: ٢٥٩) بە باس کردن لە ناسیۆنالیزمی مەدەنی و چاکسازییانە لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی قەومی و جوداییخوازانە (هەمان: ٢٦١- ٢٦٤)، هەروەها ئاماژەکردن بە هەنگاوەکانی ئەمین زەکی بەگ لەم پێناوەدا، واتە شوناسسازی لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی گوتاری ئێمە و ئەوان، ئەمین زەکی بەگ وەک ئەندازیاری ناسیۆنالیزمی کوردی (هەمان: ٢٧١) و ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات (هەمان: ٢٧٤).

ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای هەوڵێکی بەرچاو

بۆ ڕوون کردنەوەی هەندێک لایەنی فیکری ئەمین زەکی، ئەو پرسیارەی کە لەم توێژینەوەیەشدا وەک توێژینەوەکەی کەمال مەزهەر، بێ وەڵام ماوەتەوە ئەوەیە، بۆچی ئەمین زەکی لەو سەردەمەدا لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبووە؟ کەواتە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بۆشایی ئەم پرسیارە، واتە پرسیاری دەوڵەتی کوردی لە ئەندێشەی ئەمین زەکی بەگدا پڕ بکاتەوە.

**١) ئەمین زەکی بەگ: ژیان و سەردەمی**

**١-١) لە (سلێمانی)یەوە بۆ ئیستەنبوڵ**

ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠- ١٩٤٨) لە سلێمانی لە دایک دەبێت، خوێندنی سەرەتایی لە حوجرە دەست پێ دەکات، هاوکات بە پێی نەریتی ئەو سەردەمە، سەرقاڵی فێربوونی دوو زمانی عەرەبی و فارسی دەبێت و دواتر لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە دەچێتە مەکتەب و پاش ساڵێک لە مەکتەبی عەسکەری ڕوشدییە وەردەگیرێت، پاش کۆتایی هێنانی مەکتەبی ڕوشدییە، لە ساڵی ١٨٩٦ دەچێتە ئامادەیی سەربازی لە بەغدا و سەرکەوتووانە تێپەڕی دەکات (سەجادی، ١٩٤٨: ٦٤ - ٥٤) و لە ساڵی (١٨٩٩) ڕوو دەکاتە ئیستەنبوڵ. (دارا غفور، ٢٠٠: ١)

لە ئیستەنبوڵ سەرەتا لە مەکتەبی عەسکەری کولییە، خەریکی خوێندنی وانەی عەسکەری دەبێت، لە ساڵی ١٩٠٢، پلەی مولازمی دووەم وەردەگرێت و بەم بۆنەوە لە کولییەی ئەرکان وەردەگیرێت و دوو ساڵ دواتر بە پلەی سەرۆک ئەرکان کۆتایی بەم بەشەش دەهێنێت. بە هۆی شارەزایی لە بەشی عەسکەری، بەشداری لە لیژنەی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و بولغاریا دەکات و بە هۆی کارەکەیەوە، واتە تۆپۆگرافی سەردانی وڵاتانی ئەورووپا و لەوانەش فەرەنسە دەکات و تا ساڵی ١٩٢٤، واتە هەشت ساڵ پاش یەکەم جەنگی جیهانی و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی تورکیای نوێ لەم شارەدا دەمێنێتەوە. (سەجادی، ١٩٤٨: ٦٤- ٥٤)

کاتێک ئەمین زەکی لە نێوان ساڵەکانی (١٨٩٩- ١٩٢٤) لە ئیستەنبوڵ نیشتەجێ دەبێت، جیا لەوەی نزیکەی (١٨٠) ساڵ لە مێژووی چاکسازی و تازەگەری لەو شارەدا تێپەڕیبوو(٧)، نزیکەی (٦٤) ساڵ لە دەستپێکردنی سەردەمی تەنزیمات، نزیکی (٣٤) ساڵیش لە سەرهەڵدانی یەکەم بەرەی مونەوەرولفیکرانی عوسمانی(٨)، هەروەها سەرکەوتنی گوتاری سەربەخۆییخوازی مونەوەرانی نەتەوەکانی وەک یۆنانی و بولگاری و سەرهەڵدانی گوتاری شوناسخوازیی عوسمانییە نوێیەکان و تورکە گەنجەکان تێپەڕیبوو.

هەر لەم ئاراستەیدا خاڵی گرنگتر ئەوە بوو کە ئامادەبوونی ئەمین زەکی لە ئیستەنبوڵ هاوکات بوو لەگەڵ گەشەکردنی وشیاریی قەومی و هەوڵ بۆ نەتەوەسازی لەلایەن یەکەم نەسلی مونەوەرانی کوردی نیشتەجێی ئیستەنبوڵ(٩)، هەروەها بڵاوکردنەوەی چەندان ڕۆژنامەی وەک کوردستان(١٩١٢)، ڕۆژی کورد (١٩١٣) هەتاوی کورد (١٩١٣) ژین (١٩١٨)، هەروەها دامەزرانی چەندان ڕێکخراو و ناوەندی وەک «جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی» (١٩٠٨)، «تەعالی کوردستان» (١٩١٨)، «کۆمەڵەی هێڤی قوتابیانی کورد» (١٩١٢)، بە تایبەت «جەمعییەتی تەعالی کوردستان» (١٩١٨- ١٩٢٢)، هەروەها چەندان ڕووداوی چارەنووسسازی دیکە بوو.

لە ڕیزی ئەم ڕووداوە چارەنووسسازانەی سەردەمی ئەمین زەکی لە ئیستەنبوڵ، دەکرێت ئاماژە بە یەکەمین جەنگی جیهانی،

ڕووخانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی، سـەرکەوتنی کەمالیسـتـەکان لـە سـاڵی (١٩٢١)، ڕاگەیاندنـی کۆمـاری تورکیـای نـوێ لـە سـاڵی (١٩٢٣) و سـەرهەڵدانی چەنـدان شۆڕشـی کـوردی وەک شۆڕشـی کۆچگیـری (١٩٢١)، ڕاپەڕینـی شـێخ سـەعید (١٩٢٣)، هەروەهـا بڕیـاری کۆبوونـەوەی قاهیـرە(١٠) (١٩٢١) و بڕیـاری (٢٣) نیسـانی (١٩٢٣)ی ئینگلیـز(١١) بکرێـت.

ئەمیـن زەکـی لـەم ماوەیـەدا، واتـە لـە کاتـی نیشتەجێبوونی لـە ئیسـتەنبوڵ، هەشـت کتێب بـە زمانـی تورکـی عوسـمانی سـەبارەت بـە سـوپای عوسـمانی و بـە واتایـەک لـە پێنـاو مانـەوە و ژیانـەوەی گوتـاری عوسـمانی نووسـی (کەمـال مەزهـەر، ٢٠٠٦: پ) و پـاش قبووڵکردنـی ڕووخانـی عوسـمانی و کۆتایـی ئیمپراتۆریـەت، ئیسـتەنبوڵی بـەرەو بەغـدا، واتـە پایتەختـی دەوڵەتـی تـازە دامـەزراوی عیـراق بەجـێ هێشـت.

#### ١-٢) لە ئیستەنبوڵەوە بۆ بەغدا

ئەمیـن زەکـی لـە مانگی تەمموزی سـاڵی ١٩٢٤، واتـە یـەک سـاڵ پـاش ڕووخانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی عیـراق، ڕوو لـە بەغدا دەکات. سـەرەتا لە سوپا بە پلەی موقەدەم و دواتـر لـە خانـەی مەشـق وەک مامۆسـتا، دەسـت بـەکار دەبێـت. لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٢٥ لەبـەر شـارەزایی لـە بەشـی تیـۆری سـەربازی دەبێتـە فەرمانـدەی مەکتەبـی سـەربازی مەلەکـی کـە دواتر دەبێتـە کولێـژی سـەربازی و پـاش چەنـدان مانـگ مانـەوە لـەم پۆسـتە سـەربازییە، دێتـە مەیدانـی سیاسـەتەوە و وەک نوێنـەری پارێزگـەی سـلێمانی بـۆ یەکەمیـن خولـی پەرلەمانـی عیـراق لـە سـاڵی (١٩٢٥) هەڵدەبژێررێـت و لـە پەرلەمانیـش وەک جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومـەن و سـەرۆکی لیژنـەی سـەربازی دیـاری دەکرێـت (دارا غفـور، ٢٠٠٨: ٤٢ - ٤٧).

لـە سـاڵی ١٩٢٥ و لـە بڕیارێکـی شـاهانەدا، پۆسـتی وەزارەتـی ئەشـغال و گەیاندنـی پـێ دەدرێـت و تـا سـاڵی (١٩٤٢)، نـۆ جـار پۆسـتی وزاری وەردەگرێـت و لـە ڕۆژی سـێی مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٩٤٢، لـە وەزارەت دەکشـێتەوە و وەک ئەندامی مەجلیسـی شیوخ تـا کاتـی مەرگی دەمێنێتـەوە و دەرنجـام لـە سـاڵی ١٩٤٨ و لـە تەمەنـی ٦٨ ساڵاندا، لـە شـاری سلێمانی کۆچی دوایـی دەکات. (سـەجادی، ١٩٤٨: ٦٤ - ٥٤).

ئەمیـن زەکـی لـە بەغدا، بێجگە لە کاری سیاسی و بەڕێوەبردنـی ئەرکـی پەرلەمانتـاری و ئیـداری، سـەرقاڵی نووسـینی وتـار و یاداشـت نووسـین لـە ڕۆژنامـە عەرەبییەکانـی ئـەو سـەردەمە دەبێـت و لـە بـواری عەسکەریشـدا نامیلکەیـەک بـە زمانـی عەرەبـی سـەبارەت بـە سـوپای عیـراق لـە سـاڵی (١٩٢٩) بڵاودەکاتـەوە، بێجگـە لەم بەرهەمە، چوار کتێـب بـە زمانـی کـوردی سـەبارەت بـە مێـژووی کـورد و ناودارانـی کـورد لـە سـاڵانی (١٩٣١- ١٩٤٠)، هەروەهـا دوو نامیلکـەش سـەبارەت بـە کاروبـاری پەرلەمانـی بـڵاو دەکاتـەوە.

### ٢) ئەندێشەی سیاسیی ئەمین زەکی بەگ

#### ٢-١) ڕەوتی فیکری ئەمین زەکی بەگ

ئەمیـن زەکـی بـەگ لـە مـاوەی نیشـتەجێبوونی لـە ئیسـتەنبوڵ، خـۆی وەک بەشـێک لـە گوتـاری عوسـمانیخوازی پێناسـە دەکات و لـەم پێناوەشـدا و بۆ بەهێزکردنـی سـپای عوسـمانی وەک پارێزەری سـەرەکی دەوڵەتـی عوسـمانی، هەشـت کتێـب بـە زمانـی تورکـی دەنووسـێت، تەنانـەت بەنووسـینی کتێبـی «بەغدا و کارەسـاتی لەدەسـتچوونی» لـە سـاڵی (١٩٢٢)دا، سـۆزی خـۆی بـۆ جیابوونـەوەی

**بەغدا لە عوسمانی ناشارێتەوە و باس لە«دڵ و دەروونێکی عوسمانیخواز» دەکات کە لە ئاست ئەو کارەساتە دڵی تەوساوەتەوە، (١٢) (مستەفا نەریمان، ٢٠٠٦: ٦٥- ٦٠).**

**پەراوێزەکان:**

١) هەڵبەت ئەمەش لە بیر نەکرێت، یەکەم خولی چاکسازی بە شێوازی فەرەنگی کە بە سەردەمی «گوڵی لالە» ناسراوە لە نێوان ساڵەکانی (١٧١٨ - ١٧٣٠) و لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم (١٧٠٣ - ١٧٣٠) ماوەی دوازدە ساڵی خایاند و هەندێک دیاردەی مودێرنی ڕۆژئاوایی لە ئیستەنبوڵ دەرکەوتن (رئیس نیا، ١٣٦٨: ٦٥).

٢) ئەم مەکتەبە بە شێوازی ڕۆژئاوایی و بە مەبەستی سیاسی و پەروەردەکردن منداڵانی میرانی کورد لە ژێر گوتاری عوسمانیخوازی لە ئیستەنبوڵ کرایەوە.

٣) عصام کاظم (٢٠٠٣) دور النواب الكرد في عهد الملك فيصل الاول، رسالة ماجستير (غير منشورة) معهد التراث العربي والتراث العلمي للدراسات العليا، بغداد.

٤) بە پێشنیازی کەمال مەزهەر جێبەجێ بوون، بڕواننە: کەمال مەزهەر (٢٠٠٠) لە نێوان خواجا ئەفەندی و ئەمین زەکی بەگ دا، گۆڤاری ڕەنگین، بەغدا، ژمارەی ١٣٨.

٥) ڕەفیق ساڵح (٢٠١٠) چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، سلێمانی، بنکەی ژین ئەو وتارانەی و سەبارەت بە ئەمین زەکی نووسراوە کۆکردووەتەوە، دەکرێت جیا لەمانەش ئاماژە بەم دوو وتاری حميد المطبعي بکرێت، حميد المطبعي (٢٠٠٠) محمد امين زكي، الزوراء، (جريدة) بغداد، العدد ١٦٣، کە لە کتێبەکەی مامۆستا ڕەفیق بڵاو نەکرانەتەوە.

٦) ڕەفیق ساڵح (٢٠١٠) چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، سلێمانی، بنکەی ژین، ل٣١٤ - ٣٢٧.

٧) یەکەم خولی چاکسازی بە شێوازی (ئەوروپایی)، کە بە سەردەمی «گوڵی لالە» ناسراوە لە نێوان ساڵەکانی (١٧١٨ - ١٧٣٠) و لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەمدا (١٧٠٣ - ١٧٣٠) بۆ ماوەی دوازدە ساڵی خایاند (رئیس نیا، ١٣٦٨: ٦٥).

٨) یەکەم بەرەی مونەوەرلفیکری ئیستەنبوڵ لە ساڵی (١٨٦٥)دا بە دامەزراندنی دەزگای «ئیتیفاقی حەمییەت» سەری هەڵدا و خوازیاری مەشرووتیەت و حکوومەت بەپێی دەستوور بوون، کە دواتر بە «عوسمانییە نوێیەکان» ناوبانگیان دەرکرد. (Mardin.2000.11).

٩) دەکرێت ئاماژە بە یەکەم بەرەی مونەوەرلفیکری کورد، واتە سەید عەبدولقادر، ئەمین عالی بەدرخان، ڕەمزی، محەمەد شوکری، پیرەمێرد و مەولانزادە ڕەفعەت و لە پێش هەمووشیانەوە حاجی قادر بکرێت.

١٠) لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا مووسڵ وەک یەکەیەکی جیا و سەربەخۆ و لە ژێر کومیسیۆنی باڵا لە میزوپۆتامیا کاری بۆ بکرێت (فرامکین، ١٣٩٦: ٤٨٩).

١١) لە بڕیاری (٢٣) نیسان (١٩٢٣)ی ئینگلیز، لیوای سلێمانی بە فەرمی وەک بەشێک لە عێراقی ناساند و ئەمە کۆتایی هەوڵی سیاسەتمەداران و مونەوەرانی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو (مک داول، ١٣٨٣: ٣٠١).

١٢) بڕواننە. مستەفا نەریمان، محمد ئەمین زەکی لە کتێبی «بغداد وصوک حادثه ضیاعی» (١٦٦ - ١٥٨) - ڕەفیق ساڵح، ٢٠١٠: ٦٥ - ٦٠.